# نماذج النظم السياسية في آسيا

# نمونەی سیستمە سیاسییەکان لە ئاسیا

## دەستپێک

سیستەمی سیاسی دەوڵەتێك بە دەستورو کلتوری سیاسی و نوخبە سیاسیەکەیەوە دیاری دەکرێت، هەروەها لە دابەشکردنی دەسەڵاتە واقعیەکانە لەنێوان ناوەندەکانی بڕیاردا. سیستەمی سیاسی داینەمۆی دەوڵەت و ژیانی کۆمەڵگایە، هەروەها ئەرکی ڕێکخستنی کۆمەڵ دەگرێتە ئەستۆ. سیستەمی سیاسی زیاتر تایبەتە بە ڕێکخستنی شێوازو کاری دەسەڵات و کۆمەڵ و کۆمەڵە سیاسییەکان و دامودەزگاکان لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا کە کاروباری بەڕێوەبردن دەگرنە ئەستۆ لەرێگای ئەو یاساو ڕێسا پابەندانەی لە ئاراداان، یان دانراوون لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی پەیرەوکراودا. بەڵام سیستەمی سیاسی بە تەنیا بریتی نیە لە دامەزراوە حکومیەکان بەڵکو لە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان پێکدێت بە هەموو لایەنە سیاسیەکانیەوە بە پێکهاتە تەقلیدیەکانیشەوە کە لەسەر بنەمای خزمایەتی و عەشیرەت دامەزراون. کەواتە سەرجەم دیاردەکان پێکەوە سیستەمێك پێك دەهێنن .

دیراسەکردنی سیستمی سیاسی لە قۆناغەکانی سەرەتادا تەنها گرنگی دەدا بە شێوە و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و جۆری حکومەتەکان، وە ئەم دیراساتانە گرنگیان نەدەدا بە چالاکیە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دەسەڵات. بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی توێژینەوەی سیستمە سیاسییەکان، ئەم ڕەهەندانەش گرنگی پێدرا. هەر بۆیە دیراسەکردنی سیستمی سیاسی تەنها نە بەستراوەتەوە بە لایەنی یاسایی و دەستووری، بەڵکو درێژ بۆتەوە بۆ شیکارکردنی شێوازی کارکردنی، دەرخستنی ڕۆڵی لە ڕووی پراکتیکی و واقعی، پێگە ڕاستەقینەکەی لە ناوەخۆی کۆمەڵگای هەموو سیستمێکی سیاسی.

لەبەرئەوەشە هەموو سیستمێکی سیاسی وەستاوە لەسەر چەند بنەمایەک و پاشخانێکی مێژوویی و بنەمایەکی شارستانی و کلتوری کە پشتی پێدەبەستێت، هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری کە ڕۆڵی دەبێت بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لە دەرەنجامە ڕۆحی و ماددیەکانی ئەم سیستمە.

ئەم ماددەیە تایبەتە بە باسکردن و خستنەرووی ڕەهەند و شێوازەکانی نمونەی سیستمە سیاسییەکان لە ئاسیا، چونکە ئەم بابەتە یەکێکە لە بابەت گرنگ و سەرەکیەکانی زانستی سیاسی. کە لە ڕێگایەوە هەوڵدەدرێت شێوازی حوکمڕانی ئەم دەوڵەتانە دیراسە بکرێت. ئەمەش لە ڕێگەی ناساندنی ئەم کۆمەڵە ڕێسا یاسایی و بنەما دەستوریی و بونیادە سیاسیانەی کەوا سیستمی سیاسی پێکدێنن لەم وڵاتانە.

## چەمکی سیستمی سیاسی

سیستمی سیاسی لە رووی زمانەوانیەوە لە دوو وشەی (سیستم) و (سیاسی) پێکدێت. وە سیستەمیش بریتیە لە رێکخستنی کاروبارەکان لەسەر شێوازێکی دیاریکراو بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو. وە گریمانە سەرەکیەکانی سیستم لە تیۆری گشتی سیستم جەخت لەسەر چەند شتێك دەکاتەوە:

1- سیستم بریتیە لە کۆمەڵێك بەشی بەیەکەوە بەستراوەوە.

2- بەشەکانی سیستم کار لە یەکتر دەکەن.

3- بەشەکانی سیستم تا رادەیەکی دیاریکراو سەربەخۆیی خۆی هەیە لەگەڵ ئەوەش کە بە یەکتر بەستراون.

وە سیاسەت پەیوەستە بە دەسەلآت لە دەوڵەتدا لە رووی شکڵی و بابەتیەوە، کە رێکخستن و شێوەکانی مارەسەکردنی و بوارەکانی چالاکی دەگرێتەوە.

وە لە بارەی پێناسەی سیستمی سیاسی، دەتوانین بڵێین سیستمی سیاسی (کۆمەڵێك رەگەزە و کاردەکات بۆ مانەوەی لە کۆمەڵگا بەو پێیەی قەوارەیەکی زیندووە و دەسەلآتی سیاسی بەرێوەی دەبات. وە ئەم رەگەزانەش کە سیستمی سیاسی لێ پێکدێت: رێکخستن و رێسا و پەیوەندی و هۆشیاری سیاسییە، وە هەر یەکێك لەم رەگەزانەش کاریگەری لەسەر ئەوەی تر دەبێت و پشتی پێ دەبەستێت).

هەروەها دەکرێت پێناسەی سیستمی سیاسی بکەین بەوەی: (کۆمەڵێك دامەزراوە و رێسای پەیوەستە بە رێکخستن و پیادە کردنی دەسەلآتی سیاسی).

بە هەمان شێوە دەکرێت بڵێین: (چوارچێوەیەکی یاساییە بۆ چالاکیە سیاسییەکان، ئەویش کۆمەڵێك دامەزراوەیە کە ئەو چالاکیانە لە خۆ دەگرێت کە پەیوەستە بە دەسەلآتی رێکخستنی کۆمەڵگا).

دیڤید ئیستۆن بەم شێوەیە پێناسەی سیستمی سیاسی دەکات: (سیستم سیاسی بریتیە لە کۆمەڵە کارلێك و گۆڕانکاری کە پەیوەستە بە دابەشکردنی بەهاکان لە لایەن دەسەڵاتەوە). لێرەدا ئیستۆن پێی وایە سیستمی سیاسی بریتیە لە ئەرکی دروستکردنی بڕیار و دیاریکردنی هێز لە دابەشکردنی دامەزراوە سیاسیەکان و ڕەفتاری کۆمەڵەکان کە ئەم دامەزراوانە بەڕێوە دەبەن.

هەروەها هارۆڵد لاسویل پێی وایە: (سیستمی سیاسی بریتیە لە هەژموون یان کەسانێکی خاوەن هەژموونن لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە شرۆڤەکردنی سزای چاوەڕوانکراو). لاسویل جەخت لەسەر هەژموون دەکات لە سیستمی سیاسی.

گابریێڵ ئەڵمۆند لە بارەی سیستمی سیاسییەوە دەڵێت: (سیستمی سیاسی سیستەمێکی کارلێککراوە کە لە هەموو کۆمەڵگا سەربەخۆکان هەیە، هەڵدەستێت بە ئەرکی تەواوکاری و خۆگونجاندنی ناوخۆیی لە سنوری کۆمەڵگایەك، هەروەها ئەرکی تەواوکاری و خۆگونجاندنە لەسەر ئاستی دەرەکی کۆمەڵگاکانی تر ئەمانەش لە ڕێگای بەکارهێنانی هەرەشەی هێز یاخود هەرەشەی بەکارهێنانی سزای مادی دەبێت).

لە ئەنجامدا دەگەینە پێناسەیەکی گشتگیر و دەکرێت وای لێکبدەینەوە کە: (سیستمی سیاسی شێوازێکە لە شێوازەکانی حوکمڕانی وڵات، و پێکهاتوە لە کارلێکی کۆمەڵێك پەیوەندی ئاڵۆز لە نێوان هێزە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا، هەوڵی بەدیهێنانی بەردەوامی مانەوەی سیستم و سەقامگیری دەدات لە کۆمەڵگادا).

# نموونەی سیستەمە سیاسییەکان لە ئاسیا

## پێشەکی

کیشوەری ئاسیا گەورەترین و چڕترین کیشوەرە لە هەر حەوت کیشوەرەکانی جیهان، لە بارەی جوگرافیەوە وەکو شـــێوە کیشـــوەر یان شـــێوە کەنارێکی گەورە دادەنرێت، کە ژمارەی دانیشتوانی 60٪ دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنێت.

وشـەی ئاسـیا زۆر کۆنە و لەلایەن یۆنانیە کۆنەکانەوە ناونراوە، مەبەسـتیان لەم ناوە بە بەشـــی ڕۆژهەڵاتی وولاتی یۆنان ووتراوە، بیروڕا هەیە کە ئەم وشـــەیە لە بنەڕەتدا لە وشـــەی (ئاســـو ASU) هاتووە کە لەلایەن ئاشـــوریەکانەوە بە واتای ڕۆژهەڵات هاتووە. لێکدانەوەیەکی تر هەیە کە گوایە وشـــەی (ئاســـیا) نازناوێکی ناوخۆییە بە دەشـــتی (ئیڤســـس)ی یۆنان ووتراوە دوواتر ئەو ناوە بە هەموو ســـەرزەمینی ئەنادۆڵ وتراوە و بەرەبەرە بەشەکانی تری ئاسیا بەو ناوە ناسراوە.

سەبارەت بە شێوەی ئاسیا و بەتایبەتی لە بەشی ناوەڕاستی لە شێوەی چوارگۆشەیە و سـەنتەرەکەی دوورە، ئاسـیا بەگەورەترین کیشـوەری جیهان لەقەڵەم ئەدرێت و لە (30٪) ڕووبەری ووشکانی ڕووی زەوی پێك دێنێت.

سنووری ئاسیا بریتیە لە زەریای بەستەڵەکی باکوور لە باکوورەوە و لە باشوورەوە زەریای هیندیە و لە باکووری ڕۆژئاواوە ئەوروپایە و لە ڕۆژئاواوە دەریای ناوەڕاستە، وە نیمچە دورگەی سیناء کیشوەری ئاسیا بە کیشوەری ئەفریقیا دەبەستێتەوە.

## گرنگی جوگرافی و ناوچەیی کیشوەری ئاسیا

شوێنی کێشوەری ئاسیا سەرنجی پسپۆڕانی جوگرافیای سیاسی و جیوپۆلتیکی ڕاکیشاوە، چونکە ئەم شوێنە گرنگی زۆری هەیە لە کاتی شەڕ و ئاشتی دا، بۆیە تیۆری دڵی زەوی کە (هالفورد ماکندەر) دایناوە لەم بارەیەوە باس لە ڕۆڵی شوێنی ئاسیا ئەکات وگرنگی کەنارەکانی زەریای بەستەڵەکی باکوورو دەشتە فراوانەکانی وڵاتانی تورکمانستان ومەنگولیا و دەشتەکانی ئاسیای ناوەراست دەخاتە ڕوو بە بەشێك لە (دڵی زەوی) لەو تیۆرەوە باسیان دەکرێت، وە (ئەلفرید ماهان) باس لە گرنگی دەریاکانی دەوروبەری و بەهای ستراتیجی و وشکانی فراوانی ئاسیا دەکات.

گرنگی شوێنی ئاسیا و درێژبوونەوەی ڕووبەرەکەی لەنێوان بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی بوونەتە هۆی دەرکەوتنی چەند هەرێمێکی ئاو هەوای جۆراوجۆر، هەروەها پێکهاتەی چینەکانی جیۆلۆجی بۆتە هۆی بوونی دەرامەتی کانزایی هەمەجۆر، رووالەتە سروشتیەکانی کێشوەری ئاسیا وەك چیا مەزنەکان و بیابانە فراوانەکان بوونەتە هۆی دابڕانی ناوچە جیاوازەکان لەگەڵ ئاسیا.

هەروەها کیشوەری ئاسیا پێکهاتووە لە 49 دەوڵەتی سەر بەخۆ و 5 دەوڵەتی نیمچە سەربەخۆ، گەورەترینیان وڵاتی ڕوسیایە کە لە ڕووبەرەکەی لە 17،1 ملیون کیلومەتر چوارگۆشە و بچوکترینیان وڵاتی مالدیڤە کە ڕوبەرەکەی 298 کیلومەتر چوارگۆشەیە وولاتانی کیشوەری ئاسیا زۆربەیان پێشتر لە ژێر دەسەلاتی ولاتێکی دیکە بوون بۆیە مێژوی درووستبوونیان وەك حکومەت نوێیە، بەلام وەك مێژووی ڕاستی زۆرێکیان لە وولاتە داگیرکەرەکانیان مێژوویان کۆنترە.

لە کاتێکدا ئەو کیشوەرانەی کە بەرەو ئاراستەی یەکبوون هەنگاو ئەنێن لە نێوان خۆیاندا چ لە بواری ئابووری، سیاسی یاخود کلتووری، کەچی لە ئاسیا جۆرێك لە فرەیی و هەمەجۆری لە خۆی ئەبینێت لە نیوان ولاتەکانی لە بواری ئابووری و کلتووری وکۆمەلایەتی کە هەندێکجار ئەگاتە ئاستی ڕکابەری و تەنانەت ململانیّ بۆ نموونە یابان و چین.

ئەتوانین بلێین کە وا لە کیشوەری ئاسیا هیچ ریکخراوێکی هەرێمی گشتگیر بوونی نییە کە هەموو ولاتانی کێشوەرەکە تیایدا ئەندام بن، لە بەرامبەردا کۆمەلێك ڕێکخراوی تایبەت هەیە بە ژمارەیەك لە ولاتان بۆ نموونە ڕێکخراوی ئەسیان و ایبك و سارك یاخود ئەنجومەنی هەماهەنگی ولاتانی کەنداو (مجلس التعاون الخليجي) و کۆبەندی ولاتانی سەربەخۆی کۆمەنویلس (تجمع دول الكومن ولث المستقلة).

هەروەها خالێکی کرنگ لێرە بەدی ئەکرێت ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەتە زلهێزەکان لە ڕابردوو وەك بەریتانیا و فەرەنسا و لە سەردەمی ئێستادا ولایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕابردوو و لە ئێستادا هەولی بەردەوامیان داوە بۆ داگیرکردنی ئاسیا وتەنانەت تا ئەمرۆ هەولی کۆنترۆلکردنی ناوچەکە و پەیڕەو کردنی کاریگەریەکانیان لە سەری وەکو حلف ی

**بەغداد و حلفی باشوری ڕۆژهەلأتی ئاسیا (سیاتو) یاخود لە ڕێگای ئەو بنکەی سەربازییە ئەمریکیانەی کە لە هەموو ناوچەکە بلأو کراوەتەوە.**

**وولأتانی کیشوەری ئاسیا پێکهاتون لە: کوریا، یابان، چین، منغولیا، کازاخستان، تورکمانستان، تاجیکستان، ئوزباکستان، بروناى، ئەندونیسیا، لاوس، بورما، کمبودیا، ماليزيا، سنغافوره، الفلبين، تايلاند، فيتنام، سريلانكا، هند، نيبال، أفغانستان، بنغلاديش، باكستان، ئوردن، عیراق، سوريا، لبنان، إيران، أرمينيا، بحرين، کوەیت، اليمن، ترکیا، قەتەڕ، سعودیە و روسیا.**

## تایبەتمەندییەکانی کیشوەری ئاسیا

**١ - کیشوەری ئاسیا پێی دەوترێت کیشوەرە زەردەکە، چونکە زۆربەی دانیشتوانی کیشوەرەکە ڕەنگی پێستیان زەرد باوە. یان بەهۆی ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی دەکەونە ولاتی چین و ڕەنگی پێستیان زەرد باوە.**

**٢- ولات و دانیشتوان:- لە کیشوەری ئاسیا ژمارەی دانیشتوانی ٤,٥ ملیار کەسە کە نیوەی ژمارەی دانیشتوانی جیهانە.**

**٣- زمان:- کیشوەری ئاسیا نیشتمانی ژمارەیەک زۆر لە زمانە جیاوازەکانی جیهانە و نزیکەی 2301 زمان لە ئاسیا هەیە، بەشێوەیەک هەندێک دەوڵەت زیاتر لە یەک زمانی تێدایە.**

**٤- شارستانیەت:- کیشوەری ئاسیا سەرچاوەی شارستانیەتە کۆنەکانی جیهانە وەکو شارستانیەتی ولاتی نێوان دوو ڕووبار و شارستانیەتی سند و میتانی و میدی و کاردۆخی و شارستانییەتی بابل و فارس و سۆمەر و چین و هیند و فینیقی و شارستانیەتی ئیسلامی.**

**٥- ڕژێمی سیاسی :- هەندێک دەوڵەت ڕژێمی پاشایەتی جێبەجێ دەکات، و هەندێکی دیکە ڕژێمی کۆمۆنیستی جێبە جێ دەکات، و هەندێک دەوڵەت ڕژێمی دیمۆگراتی پەیڕەو دەکات و دەوڵەت هەیە ڕژێمی کۆماری جێبە جێ دەکات.**


**٦- ڕێکخراوە سیاسییەکان :- لە کیشوەری ئاسیا، هەندێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و بازرگانی دەرکەوت وەک دەستەی ولاتانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا و یەکێتی ولاتە سەربەخۆکان و دەستەی هاوکاری ئاسیا و ناوچەی زەریای هێمن، و یەکێتی باشووری ئاسیا بۆ هاوکاری هەرێمی.**

٧- **ئایینەکان:-** کیشوەری ئاسیا نیشتمانی ڕەسەنی زۆربەی ئاینە سەرەکییەکانی جیهانە وەکو ئاینی ئیسلام و کریستیان و جولەکە. و شوێنی دروست بوونی فەلسەفی هیندۆسی و بوزی و ژاپۆنی و کۆنفۆشوسیە.

هەر بۆیە گرنگی خوێندنی نموونەی سیستەمە سیاسیەکان لە ئاسیا لەوەدایە کە شارەزای سروشتی کارکردنی سیستەمە سیاسیەکان دەبیت لە ئاسیا لە رووی هێزە کاریگەرەکان هەروەها سروشتی سیستەمەکە کە ئایا پەرلەمانیە یاخود سەرۆکایەتیە یاخود سیستەمی تێکەڵاوە یان حکوماتی دەستە جەمعیە، سەرەڕای دیراسەکردنی دەسەڵاتە گرنگەکان و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان لەگەل یەکتریدا.

ئاسیا یەکێکە لەو کیشوەرانەی کە سیستەمە سیاسییەکانی جۆراو جۆرن وە جیاوازیان لەگەڵ یەکتری هەیە لە رووی چۆنیەتی پراکتیزەکردنی دەسەڵات و سروشتی کارکردنیان، بۆیە هەوڵ ئەدەین جەخت لەسەر چەند نموونەیەکی سیستەمە سیاسیەکان بکەین.

## سیستەمی سیاسی لە یابان




یابان یاخود جاپۆن لە زمانی یابانی (نیهون یان نیپهون ) و لە زمانی ئینگلیزی (Japan) بە واتای رۆژ (الشـــمس) دێت، یاخود ولاّتی رۆژهەلاّتن (أرض الشـــمس المشـــرقة)، کە چـــینیەکان بۆ یەکەمجار ئەم ناوەیان بەکارهێنا بە پێی ئەوەی یابان کەوتۆتە رۆژهەلاّتی چـــین، بە پێی داســـتانە یابانیە کۆنەکان ئیمپڕاتۆر جەنمۆ 6 ســـەدە پێش زاین ئیمپراتۆریەتی یابانی دامەزراند.

یابان یەکێکە لەگرنکترین ئەو دەوڵەتانەی کەوا دەکەونە کیشوەری ئاسیا ڕووبەرێکی بچووکی هەیە، ڕووبەری 364,555 کم$^2$ وە زیاتر لە 3000 دورگە لە خۆدەگرێ، کەوا 70 ٪ ی خاکەکی بریتی یە لە شاخ، بەگوێرەی سەرژمێری 2021 ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە زیاتر لە 126,000000 ملیۆن هاولاّتی، و لە پلەی 11 هەم دێت لە ریزبەندی ژمارەی دانیشتوانی جیهان، لە ڕووی ئابووریەوە یابان یەکێکە لەو وولاّتانەی کەوا لە ریزی پێشەوەی پێشکەوتنە ئابووریەکانە بەتایبەتی لەبواری پیشەسازی و تەکنەلۆژیا کێبڕکی لەگەڵ ئەمریکا دەکات لە هەندێك بوار.

ئەو گەشەکردن و پێشکەوتنەی یابان مێژوویێکی زۆری نیە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەو گەشەکردنەی یابان دەگەڕێتەوە بۆ سالأنی (1800) بە دواوە کەوا یابان زۆر بە خێرایی گەشەی کردوو گۆڕانکاریەکی گەورە ڕوویدا لە یابان کە بووە هۆی ئەوەی یابان لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی ببێتە هێزێکی ئابوری و سەربازی گەورە تاوەکو کۆتایی سیەکانی سەدەی بیستەم، بەلأم دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم یابان گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی بەسەر داهات لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەتی لە بواری ئابوری و پیشەسازیدا تا وای لێهات ببێتە کێبڕکێکار لەگەڵ وولأتانی تری هاوشێوەی.

هەرچەندە سروشتی سیستمی سیاسی لە یابان پاشایەتیی ودەستووریە، کە پێکهاتووە لە ئیمپڕاتۆر بەلأم لە ڕواڵەتدا دەسەلأتێکی سنورداری هەیە بەرامبەر بە پەرلەمان کە خاوەن دەسەلأتێکی بەهێزە بە هۆی ئەوەی لە یابان ئیمپڕاتۆر دەسەلأتیی سیاسیی نییە، تەنها سەردان و پەیوەندی دۆستانەی هەیە بۆ دەرەوەی وولأت، بە هەمان شێوە لەسەر ئاستی ناوەخۆش بنەماڵەی ئیمپڕاتۆر پێگە و پایەیەکی تایبەتیان هەیە لەلای هاولأتیان بە هۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەلأیەتیەی کە هەیانە لەگەڵ خەڵك. ئیمپراتۆری سەردەمی نوێی یابان ناوی نارۆهیتۆ( 1960 – ؟) لە 30 نیسانی 2019 هاتۆتە سەر تەختی ئیمپڕاتۆری، کە ئیمپراتۆری ژمارە 126 ی یابانە وە هەموویان لە یەك بنەماڵە بوون، بەم شێوەیە کۆنترین بنەماڵەی پاشایەتیە لەجیهان.

**-مێژووی سیاسی یابان**

لە ساڵی (1686) سیستەمێکی دەرەبەگایەتی حوکمی یابانی دەکرد ئەویش بنەماڵەی (المیجی) بوون، ئەو سەردەمە یابان دابەش ببوو بۆ دوو چین: **چینی سامورایی** کە دەرەبەگەکان بوون، وە **چینی جوتیاران** کەوا ڕێژەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەو کاتەی یابانیان پێك دەهێنا کەوا نزیکەی 80 ٪ دانیشتوان دەبوون.

لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە سەربازی و ئابورییەی کە یابان بە خۆیەوە بینی لەو ماوە کورتەدا بووە هۆی ئەوەی پەل بهاوێت بۆ داگیرکردنی وولأتانی تری دەوروبەری بۆ ئەوەی ببن بە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی یابانی، بەلأم دوای ئەوەی جەنگی جیهانیی دووەم دەستی پێکرد یابان تووشی شکستێکی گەورەی سیاسی و سەربازی و ئابوری بوو، وای

لێکرد کەوا تەسلیمی هاوپەیمانان ببێت و ژێرخانی ئەو وولاّتە تووشی مایەپوچ بوون (الافلاس) بێت.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕ جارێکی تر یابان دەستی کردەوە بە بوژاندنەوەی ئابوری تا وەکو لە ساڵی (1990) بوو بە هێزێکی گەورەی جیهان لە ڕووی ئابووریەوە، بە تایبەتی دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی سیستەمی نوێی جیهان و کرانەوەی سنورەکان بەناوی سیستەمی بازاڕی ئازاد تا گەیشتە ئەو ئاستەی ئابوری یابان لە کۆی ئابوری ولاّتی فەڕەنسا و بەریتانیای ئەوکاتە زیاتر بێت، هەرچەندە ئەوان لە شەڕیش سەرکەوتوبوون بە پێچەوانەی یابان.

لەدوای شکستهێنانی یابان لەشەڕ لە جەنگی جیهانیی دووەم لە سەردەمی ئیمپراتۆر هیرۆهیتۆ وتەسلیم بوونی بە ئەمریکا هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا کەوتنەوە دامەزراندنەوەی سەرلەنویێ بۆ یابان لە ڕووی سیاسی و ئابوری و تەنانەت کۆمەلاّیەتیشەوە. سەرەتا دەستورێکی نوێیان بۆ یابان دانا کەوا تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری ئەمریکای پێوە دیار بوو ئەمەش یەکێکە لە سیفەتەکانی دەوڵەتی داگیر کەر کەوا بەردەوام دەیانەوێت دەستورێك بۆ ئەو ولاّتانە دابنێنن کەوا تەعبیر لە بەرژەوەندیەکانیان بکات یان بەلایەنی کەم دژ نەبێت لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندیەکانیان.

## –چاکسازیەکانی داگیرکەر و بونیادە سیاسیەکان دوای جەنگ (اصلاحات الاحتلال والبنية السياسية بعد الحرب)

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی دووەم کە لە 2 ئەیلولی 1945 یابان خۆبەدەستەوەدانی خۆی ڕاگەیاند بۆ هاوپەیمانان لەسەر کەشتیەکی ئەمریکی بەناوی (میسۆری). گەشەسەندنی سیاسی وئابووریی لە یابان لەدوای جەنگ دەستی پێکرد، لەماوەی نزیکەی شەش ساڵ و نیودا گەشە کردنێکی سیاسی ئابووری و ئەندازیاری لەو ولاّتەدا دەستی پێکرد، ئەمریکاش لە ڕێگای داڕشتنی بەرنامەیەکەوە ویستی هەڕەشەکانی یابان لەسەر کۆمەڵگەی نێودەولەتی بنەبڕ بکات لە ڕێگای ئەنجامدانی گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لە یابان بۆ ئەم بەرنامەیەش لەسەر دوو ئاست مامەڵەیان لەگەڵ یابان کرد ئەوانیش:

**1-چەك داماڵین**: ئەو ئامانجە ئاسان بوو هەر زوو دەستکرا بە داماڵینی هەموو ئەو چەکانەی لەدەستی سوپای یاباندا بوو، وە هەرچی مولْك و ماڵی سەربازی بوو لەناوبراو نزیکەی 6 ملیۆن سەربازی یابان لە دەرەوەی یابان گەڕێندرانەوە بۆ یابان و خزمەتی سەربازی نەما و پیشەسازی سەربازیان هەڵوەشاندەوەو گۆڕیان بۆ پیشەسازی مەدەنی، وە هەروەها بڕگەیەکیان زیاد کرد لە مادە (9) دەستوری یابان کە پێی دەڵێن بڕگەی ئاشتی کە ناوەڕۆکەکەی بریتی یە لە ( یابان بە هیچ شێوەیەك شەڕی پێ پەسند نیە هەتا هەتایە، وە پارێزگاری لە هیچ هێزیکی دەریایی وشکانی وئاسمانی و هیچ توانایەکی جەنگی تر ناکات). بەڵام پەرلەمانی یابانی بڕیاری لەسەر یاسای ساڵی 1954دا کە ڕێگای بە حکومەت دەدا کە هێزێکی سەربازی دابمەزرێنێ بۆ بەرگری لە وڵات دژی هەر هەڕەشەیەك، بە مەرجێك نەبێتە هەڕەشە بۆ هیچ وڵاتێك.

**2- گۆڕینی کۆمەڵگەی یابانی بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی**: ئەم ئامانجەی هاوپەیمانان ئاسان نەبوو کەوا لە یابان بیهێننەدی وە ئاڵوزیەکی زۆری پێوە دیاربوو، ئەویش گواستنەوەی یابان بۆ قۆناغی دیموکراسی، بەڵام دەستیان کرد بە بونیاد نانەوەی دامەزراوە سیاسیەکان و هەرچی مۆرکی دیکتاتۆری پێوە بوو لە لایەنی دەستوری میجی لایانبرد ئەویش لە ڕێگای پێکهێنانی چوارچێوەی هەیکەلی دیموکراسی لە یابان، وە لە هەمووش گشتگیرتر و گرنگتر بەرنامەی داگیرکەر بوو لە چەسپاندنی دیموکراسی و چاکسازی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کلتوری و ڕۆشنبیری سیاسی لە یابان.

## -دەستوری نوێ یابان (یاخود دەستوری دوای شەڕ):

ئەمریکا و هاوپەیمانان لە یابان باوەڕی تەواویان بەوە هەبوو کەوا سیستەمی ئیمپراتۆری یابانی وە نەتەوە خۆ بەزلزانینەکەیان پەیوەستە بە ئەفسانەی ڕەچەڵەکی ئیمپراتۆری یابان، وەئەمانەش تاڕادەیەك هۆکاری بەدیارکەوتنی بیروڕا ئامانجی سەربازی و شۆڤینیەتی نەتەوەیی بوو لە یابان. هەروەها دەستوری (میجی) کەلەسەر بنەمای سەروەری ئیمپراتۆر بوو بە پێچەوانە بوو لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی بۆیە ئەمریکیەکان هەستیان بەمەترسی دەکرد لە دەسەڵاتەکانی ئیمپراتۆری یابان، هەرچەندە حکومەتی یابان هەندێك هەمواری لەو دەستورەدا ئەنجامدا بەڵام بە پێی پێویست نەبوو، لەبەر ئەو

هۆیە جەنەڕاڵ (ماك ارپر) فەرماندەی گشتی هاوپەیمانان و هاوکارەکانی لە حکومەت هەستان بە ئامادەکردنی دەستوریکی نوێ بۆ یابان کە لە ماوەی (10) ڕۆژ توانیان ڕەشنوسی تەواوی دەستوری نوێ یابان دابنێن.

دەسەڵاتی هاوپەیمانان فشاریکی زۆریان خستە سەر ئەنجوومەنی وەزیرانی یابان تا ڕەزامەندی لەسەر ئەو ڕەشنوسە بدات، ئەم ئەنجومەنە ڕەزامەندی نیشاندا وە ڕەشنوسەکە لە ئازاری **1946** بلاوکرایەوە لەگەڵ مەرسومێکی ئیمپراتۆر سەبارەت بە پاڵپشتی کردنی ئەم دەستورە، دواتر هەردوو ئەنجومەنی دایت ڕەزامەندی خۆیان نیشاندا لەسەر ئەم پرۆژە دەستورە پاش چەند هەموارکردنێك، وەئەم دەستورە وەکو دەستوری نوێ بۆ یابان لە 3 تشرینی دووەمی 1946 پەسەندکرا لە دوای شەش مانگیش کەوتە بواری جێبەجێکردن.

**-گۆڕینی پێگەی ئیمپراتۆر:**

لە گرنگترین گۆڕانکاریەکانی دەستوری یابان بریتی بوو لە گۆڕینی پێگەی ئیمپراتۆر چونکە بەپێی ئەفسانەکانی یابان ئیمپراتۆری یابان بە ڕەگەز ئەگەڕێتەوە بۆ ئیمپراتۆر (جەمۆ Jammu کە ڕەچەڵەکی ئەگەڕێتەوە بۆ خواوەندی ڕۆژ لای یابانییەکان (ئەماتیراسۆ Amaterasu) کە ئەمە بووە هۆی دروستبوونی بنەماڵەی ئیمپڕاتۆری فەرمانڕەوا لە یابان لە ساڵی 660 پێش زاین.

لەگەل بوونی مەترسی بەلاّم دەسەلاّتی هاوپەیمانان بڕیاری مانەوەی دامەزراوەی ئیمپراتۆریان دا لە یابان لە سەر دەسەلاّت بە هۆی ئەوەی ئیمپراتۆر زۆر هاوکار بوو لەگەڵ هاوپەیمانان، هەروەها ڕۆڵیشی هەبوو لە چەك داماڵین و بەرنامەکانی چاکسازی بۆیە بڕیاری مانەوەی ئیمپراتۆریان دا، بەلاّم پێگەکەی کەم کرایەوە بە دوو شێوە:

1- سیفەتی خواوەندی لە ئیمپراتۆر وەرگیرایەوە و ئیمپراتۆر جیاکرایەوە لە هەر ڕێورەسمێکی ئاینی یان هەر دامەزراوەیەکی تری ئایینی ئەویش لە ڕێگەی لە ناوبردنی (شنتۆ State Shintonism کە ئاینی یابانیەکان بوو لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاڵەوانەکانی یابان و پاشاکەی.

2-بڕیاردرا بە لێسەندنەوەی سەروەری و دەسەلاّتەکانی ئیمپراتۆر، بۆیە لە مادده (1) ی دەستور هاتووە کە ئیمپراتۆر (ڕەمزی دەوڵەتە و ڕەمزی یەکێتی گەلە، ئیمپڕاتۆر پێگەی

خۆی لە خواستی گەل وەردەگریٚ کە خاوەن سەروەریە)، بۆیە بەم پێیە سەروەری لە ئیمپراتۆر گواسترایەوە بۆ گەل، هەروەها لە دەستوری نویٚ دا هاتووە کەوا (ئیمپراتۆر هیچ دەسەلاٚتێکی بەسەر حکومەتەوە نیە، وە هەر کارێك کە ئیمپراتۆر دەیکات پەیوەست بە کاروباری دەوڵەت پێویست بە ڕاوێژ و ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات).

**-دام ودەزگا دەستوریەکانی دەوڵەت لە یابان**

دام ودەزگا دەستوریەکانی دەوڵەت لە یابان پێك هاتووە لە-:

**یەکەم:- دەسەلاٚتی یاسادانان (الدایت)**

دایتی نەتەوەیی (الدایت القومی): دامەزراوەی دەسەلاٚتی یاسادانانی یابان پێیدەوتریٚ (دایتی نەتەوەیی) کە لە دوو ئەنجوومەن پێکدێت ئەوانیش:

1- **(ئەنجوومەنی نوێنەران)** کە لە دەستوری میجیش هەبوو.

2- **(ئەنجوومەنی شورا)** کە ئەم ئەنجوومەنە دانرا لە شوێنی ئەنجوومەنی خانەدانەکان (**النبلاء**) کە پێش جەنگ هەبوو.

لە دەستوری کۆن ئیمپراتۆر و ئەنجومەنی وەزیران دەسەلاٚتێکی فراوانیان هەبوو لە یاسادانان و بەشداریان دەکرد لە دەرکردنی یاساکان، بەلاٚم دەسەلاٚتی هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی ئەمریکا سیستەمی پەرلەمانییان دەسنیشانکرد بۆ یابان لەسەر شێوەی سیستەمی پەرلەمانی بەریتانی، لەسەر بنەمای تێکەڵکردنی دەسەلاٚتەکان (دمج السلطات)، واتە سیستەمێك کەوا هەردوو دەسەلاٚتی جێبەجێکردن و یاسا دانان پشت بە یەکتری ببەستن، بەلاٚم لە چوارچێوەی زیادبوونی دەسەلاٚتی جێبەجێکردن، وە لە هەمانکاتدا دەسەلاٚتەکان بە یەکتر کاریگەر بوون و لە هەندێك خاڵیشدا کەوتە ژێر کاریگەری ومۆدێلی ئەمریکی لە جیاکردنەوەی نێوان دەسەلاٚتەکان.

هاوپەیمانان هەوڵیاندا دەسەلاٚتێکی بە هێزی یاسادانان دروست بکەن لە دایت وەکو مۆدێلی ئەمریکی کە پشت ببەستیٚ بە سیستمی لیژنەکان بۆ چاودێری وەزارەتەکانی حکومەت، لە دەرئەنجامدا دایت وەکو نموونەیەکی تێکەلاٚو دەرکەوت لەسەر هەردوو مۆدێلی بەریتانی و ئەمریکی. بەم شێوەیە هەردوو ئەنجومەنەکان یان یەکێك لە دوو ئەنجومەنەکە مافی ئەوەیان هەیە لێپرسینەوە لەگەل سەرۆك وەزیران یان هەر وەزیرێك

بکەن بەرامبەر بە بەرنامە و کاری حکومەت لە بوارێك لە بوارەکاندا، سیستمی حوکمڕانی یابان لە ئێستادا سیستمی پەرلەمانیە، و پاشایەتی دەستوریە.

ژمارەی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنەکەی دایت دابەش دەبن بەسەر (16) لیژنەی هەمیشەیی یاخود بەردەوام هێندەی ژمارەی وەزارەتەکانە، ئەو لێژنانەش هەموو کاروبارەکانی دایت بەڕێوەدەبەن، ئەندامانی ئەو لێژنانەش دەبێت کەسی لێهاتوو بن تاوەکو بتوانن گۆڕانکاری لە یاساکان بکەن و لێپرسینەوە لە وەزیرەکان بکەن لێرەدا نزیکە لە مۆدێلی ئەمریکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چونکە حزب کۆنترۆڵی تەواوی هەردوو ئەنجومەنەکەی کردووە و ئەندامەکانیش پەیوەستن بە تەوجیهاتی حزبەکانیانەوە لە دەنگدان بۆیە دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەك ڕۆڵی پەرلەمانی لاواز کردووە هەروەك لە نموونەکەی بەریتانیا.

**دووەم:- دەسەڵاتی جێبەجێکردن (السلطة التنفيذية).**

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە یابان لە پێش جەنگی دووەمی جیهان لەسەر شێوە و مۆدێلی پروسی (ئەڵمانیا)ی بوو، واتە" ئەنجوومەنی وەزیران بەرپرس نەبوو بەرامبەر بە دەسەڵاتی یاسادانان، وە دەسەڵاتی یاسادانانیش هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، چ لە دیاریکردنی سەرۆك وەزیران بێت یان هەڵوەشاندنەوەی کابینەی حکومەت، بەواتایەکی تر ئەنجوومەنی وەزیران بەرپرس نەبوو بەرامبەر بە پەرلەمان بە هیچ شێوەیەك، بەڵام لە دەستوری دوای جەنگی دووەمی جیهان کە بە دەستوری نوێ ناسراوە دوو گۆڕانکاری سەرەکی لە دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی وەزیران کرا لەوانە:

**-گۆڕانکاری یەکەم بەپێی دەستوری نوێ**: دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕادەستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرا بە شێوەیەکی ڕەها، بۆیە هەموو ئەو دەسەڵاتانە ڕەتکرانەوە کە لەپێش جەنگ کێبڕکێیان دەکرد لەسەر دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیران وەکو " ئەنجومەنی ڕاوێژکاران و سەرۆکی ئەرکانی سوپا ......هتد.

وە بۆ ئەوەی گرەنتی ئەوە بکرێت کەوا جارێکی تر دەسەڵاتی سەربازی نەگەڕێتەوە بۆ یابان دەستوری نوێی سەپاند کەوا دەبێت ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کەسانی مەدەنی بن و سەرۆکی ئەنجومەن دەسەڵاتی دامەزراندنی هەموو وەزیرەکانی هەیە،

دەستوری نویٚ هەموو دەسەلاٚتەکانی جێبەجێکردنی دایەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکانی حکومەت.

**-گرنگترین ئەرکەکانی ئەنجومەنی وەزیران:**

أ- یەکە کارگێڕیەکانی حکومەت بەڕێوەدەبات و پڕۆژە یاسا و ڕاپۆرتی تایبەت بە کاروباری نیشتمانی و پەیوەندیە دەرەکیەکانی حکومەت پێشکەش بە دایت دەکات.

ب - دەستوری نوێی یابان دەسەلاٚتی ئەوەی داوەتە ئەنجومەنی وەزیران کەوا بەرپرس بێت لە دانانی بودجە و ئیدارەی خزمەتی شارستانی بکات.

ج - بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەکی و سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت، وە مۆرکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی دایت.

د - سەرۆکی وەزیران وکابینەکەی پێشنیاری پڕۆژە یاسایەکان دەکات وە ڕاپۆرت سەبارەت بە بارودۆخۆی نیشتمانی بە گشتی و سیاسەتی دەرەوە پێشکەش بە دایت دەکات.

هـ- بڕیار دەردەکات سەبارەت بە لێبوردنی تایبەت وگشتی، وە دیاریکردنی سزاکان، وە ئەنجوومەنی وەزیران بەرپرسە لە جێبەجێکردنی یاساکان.

و- سەرۆکی دادگای بالاٚ و هەندیٚ لە دادوەرانی دادگاکانیتر لەلایەن دەسەلاٚتی جێبەجێکردن دادەنرێن.

**-گۆڕانکاری دووەم بە پێی دەستوری نویٚ**: جەختکردنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرای بەرپرسیاربوونی ئەنجومەنی وەزیران بوو لەبەردەم نوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەل کە دایتی نیشتمانیە، ئەویش لەم ڕێگایانەوە دەبێت:

أ- سەرۆکی وەزیران لەلایەن دایت هەڵدەبژێردرێت، وە لە نێوان ئەندامانی دایت دەبێت، لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا وەکو هەموو بڕیارەکانی تری دایت کەوا ئەنجوومەنی نوێنەران تیایدا بالاٚ دەستە بە پێی دەستور نەك تەنها سەرۆکی ئەنجومەن ئەبێت لە ئەندامانی دایت بێت، بەڵکو دەبێت زۆرینەی ئەندامانی کابینەی حکومەت لە دایت بن، وە بە شێوەیەکی گشتی دەبێت زۆربەیان ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بن.

ب- دایت دەتوانێت داوا لە سەرۆکی ئەنجومەن بکات خۆی یان وەزیرەکانی ئامادەبن لەبەردەم هەردوو ئەنجومەنەکە یان لێژنەك لە لێژنەکان بەمەبەستی لێپرسینەوە و

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی ئاراستەی حکومەت دەکرێت، هەروەها ئەنجومەنەکانی دایت بۆیان هەیە بڕیاری تۆمەتبارکردنی هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی حکومەت دەربکەن.

(سەربارى ئەمە ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاری لێسەندنەوەی متمانەی لە حکومەت دا، پێویستە ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی (10) ڕۆژ دەست لەکاربکێشێتەوە، هەڵبژاردنێکی نویٚ دەکرێت و لەو کاتەشدا تاوەکو دایت ئەنجومەنێکی تر هەڵدەبژێرێت ئەنجومەنی وەزیرانە کۆنەکە کاروبارەکانی حکومەت بەڕێوەدەبات.

**سێیەم:– دەسەڵاتی دادوەری (السلطة القضائية):**

لەسایەی دەستوری میجی دادگاکان هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبوو کە جیایان بکاتەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لەبەر ئەوەی وەزارەتی داد بەرپرس بوو لە ئیدارەدانی دادگاکان و سەرپەرشتی کردنیان، وە ڕێگە پێدراو بوو لە دامەزراندن و لادانی دادوەرەکان، بەڵام دەستوری دوای شەڕ کە ناسراوە بە دەستوری نویٚ یابان بارودۆخی دەسەڵاتی دادوەری گۆڕی و سەربەخۆی کرد، وە کردی بە لقێکی یەکسان لە دوو دەسەڵاتەکەی تر" یاسادانان و جێبەجێکردن.

دادگای باڵا کە ژمارەیان 14 دادوەرە تا تەمەنی 70 ساڵی لە پۆستەکانیان دەمێننەوە مەرکەزیەتێکی توند پەیڕەو دەکات لە یابان و هیچ دادگایەکی تر لە سەروی ئەو دادگایە نابێت لە دەسەڵات ، وە هەروەها دادگای باڵا حوکمی کۆتایی دەدات لەهەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستە بە تەفسیر کردنی یاساکان و ئیدارەکردنی سیستەمی دادگاکان، وە دەسەڵاتی دادوەری لەهەوڵی بەردەوامدایە دادگاکان دووربکاتەوە لە حکومەت و لایەنە سیاسیەکان، بۆئەوەی دادگا بە سیاسی نەکرێت. دەستوری نویٚ یابان مەرجی ئەوەی داناوە کەوا دامەزراندنی دادوەرەکانی دادگای باڵا ڕەزامەندی گەلی لەسەربیٚ، وە بۆماوەی (10) ساڵ جارێك دایتی نیشتمانی چاوپیاخشاندنەوە بە دامەزراندنی دادوەرەکان دەکات، دادوەرانی دادگای باڵا دادەمەزرێن بەشێوەی هەمیشەیی تاوەکو لە ژیاندان، بەڵام لە دەستوردا مەرجی ئەوە هاتووە کەوا لە ڕێوشوێنی نا ئاسایی پێویستە ڕاپرسی جەماوەری بکرێت لەسەر دامەزراندیان هەر 10 ساڵ جارێك، وە دەتوانرێت بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەران هەر دادوەرێك بیانەوێت لایبدەن لە کارەکەی، بەڵام دادوەرەکانی

**دادگا نزمەکان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێنرێن. دادگای بالاّ لەسەر سیستەمی ئەمریکی بەڕێوە دەچێت کەوا سیستەمی پێداچوونەوەی یاساکانە، دەسەلاّتی ئەوەی هەیە بڕیار لەسەر دەستوریەتی هەر یاسایەك یان فەرمانێك یان ڕێوڕسمێکی فەرمی بدات، وە ئەو دادگایی کردنانەی مۆرکی سیاسیان پێوە هەیە ئەبێت بە ئاشکرا و ڕاگەیاندراو بێت.**

## -حکوماتی لۆکالّی و هەرێمایەتیەکان لە یابان (الحكومات المحلية والإقليمية في اليابان)

**ئاستی جیاواز هەیە لە حوکم وئیدارە ناوچەییەکان لە یابان، جگە لە حکومەت لەسەر ئاستی نەتەوەیی یابان، لەسەر ئاستی هەرێمایەتی، وە لەسەر ئاستی شارەوانی ناوچەیی ئیدارەی جیاواز هەیە کە لە دەستوور ڕێکخراوە، دەسەلاتی ئەمریکی هەولّیدا بۆ زیادکردنی دەسەلاّت و سەربەخۆیی ئاستی کارگێڕی نزمتر لە ئاستی نەتەوەیی ، دەستور داوای کرد وە ئەم ئامانجەی زۆر بەهەند وەرگرتبوو کە سەرۆکەکانی شارەوانی وە بەرپرسی ئیداریەکان لەڕێگای هەلّبژاردنەوە بێت، لەهەموو (47) ناوچە ئیداریەکە (47) حکومەتی ناوچەییان هەیە، وە شارەوانیەکانی شارەکان، و ناحیەکان، وە گوندەکان کە ژمارەیان (3,254) گوندە، 3000 ئەنجومەنی شارەوانیان هەیە، کەواتە دەستەی یاسادانەر کە لە یەك ئەنجومەن پێکهاتووە بۆ هەموو ناوچەکان وشارەوانیەکان دانراوە، وە ئەندامەکانی لەڕێگای هەلّبژاردنی جەماوەری دادەمەزرێن، وە ماوە دەسەلاّتداریەتی سەرۆکایەتی دەستەی جێبەجێکردن و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی یاسادانان بە 4 چوار سالّ دیاری کراوە.**

**بەلاّم لەگەل هەموو ئەم هەولاّنەی کە لەلایەن هاوپەیمانان درا بۆ کەمکردنەوەی مەرکەزیەتی دەسەلاتی ناوەند، بەلام بۆچونێکی گشتی هەیە کە دەسەلاّتەکانی ناوچەیی و هەرێمایەتیەکان تەنها ئاستێکی کەم لە سەربەخۆیی هەبووە لە دەسەلاّتەکانی بەدرێژایی ماوەی دوای جەنگ، ئەمە لەکاتێکدایە کە سیستمی سیاسی ولاّتی یابان سیستمی دەولّەتی سادەیە (دولة بسيطة) نەك دەولّەتێکی یەککگرتووی فیدرالّی (الاتحاد الفيدرالي) وەك ولایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا یاخود کەنەدا و ولاّتانی تر ، بۆیە ڕۆلّی**

حکومـەتی مـەرکـەزی لاواز نـەبوو، بـەڵکو لـە ڕێگـای بیروکراتیـەت (البيروقراطيـة) وە ئیدارەی دارایی و ماڵی کۆنترۆلی خۆی پاراسـت. وە پێشـبینی ناکرێ زۆر لەم ئاسـتەی سەربەخۆیی لە دەسەڵاتەکانی زیاتربێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەم دواییانە بەشداری ئەم دەسـەڵاتە ناوچـەیی و هەرێمایەتیانە زیادیکرد لە نەخشـەکێشـانی سـیاسـەتی گشـتی وڵات.

**-پارتە سیاسیەکان (الأحزاب السياسية):**

هەردوو پارتە یابانیە سـەرەکیەکە پارتی لیبرالی دیموکراتی، پارتی ئیشـتراکی یابانی، وە سـێ پارتە بچـوکە چـالاکەکە پارتی دیموکراتی ئیشـتراکی، وە پارتی حکومەتی پاك، وە پارتی شـیوعی یابانی، جیاوازن لە یەکتر، لە زۆر لایەنەوە هەر لە لایەنی قەبارە و ڕێکخسـتن، ژمارەی ئەندامەکان ، وە توانای سـەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکان، وە لەگەڵ ئەوەش خەسڵەتی هاوبەشیشیان هەیە، پارتە سیاسییەکانی یابان لەڕووی مێژوویەوە پەرەیان سـەندووە لە ڕێگای کادیرانی نوخبەوە، واتە پارتەکان گەشـەیان سـەند وەك پارتی پەرلەمانی وە خاوەن پایەو پلەکان لەو کەسـانەی کە پشـت دەبەسـتن بە ئامرازی بەهێزی هەڵبژاردنی تایبەت بەخۆیان وە پەیوەندیەکانیان بە ڕیکخسـتنە نا حیزبیەکان، بۆ گەرەنتی هەڵبژاردنیان بۆ دایت.

زۆر لە چاودێرە یابانیەکان ڕەخنەیان لە خەسڵەتی پارتە سیاسیەکانی یابان گرتووە کە لە قۆناغی سیسـتمی پارتایەتی کلاسـیکی تا زیاتر لە چارەکە سـەدەیەك دوای جەنگی جیهانی دووەم. لەم ڕەخنانە:

1-ڕیکخستنێکی دەستەبژێری داخراویان هەبوو، وە ژمارەی ئەندامانی کەمیان هەبوو، وە پارێزگاریان لە کەسایەتی بێتوانا دەکرد لەناو پارتەکە.

2-لاوازی ڕێکخسـتن لەسـەر ئاسـتی ناوچـەیی، جگە لەمانە پارتە یابانیەکان پشـتیان دەبەست بە ئامرازی کەسایەتی واتە تەرکیزیان دەخستە سەر پاڵیوراو، واتە دەنگدەران دەبەسـتێتەوە بە پاڵێوراو لە سـەر بنەمای توانا و لێهاتوویی کەسـیی پاڵیوراو، وە سودەکانی بۆ ناوچەکە، وە خزمەتگوزاریە تایبەتیە کەسیەکان، لە جیاتی ئەوەی تەرکیز بکاتە سەر ناسنامە و پرەنسیپە تایبەتیەکانی حیزب.

3- پەیوەندیەکان لە نێوان پارتەکان و جەماوەر ئایدیۆلۆژیا حوکمی ناکات، وە وابەستەی سۆزداری (عاطفي) حیزبی لەگەڵ جەماوەر لاوازە، وە هەتا هیچ پەیوەندی بە ئینتمای چینایەتیەوە نیە، بەڵکو ئەوەی پێکیانی دەبەستیەوە "ڕێکخستنە کەسییەکانە بۆ پالپشتی پاڵێوراوان"، یاخود گروپەکانی بەرژەوەندی.

4-زۆربەی پارتە سیاسیەکان پەیوەندیەکی تایبەتیان هەبوو لەگەڵ یەك یاخود زیاتر لە گروپ و ڕێکخراوەکان، وە زۆرجار بە هەندێ کاروچالاکی هەڵدەستن کە کاری حیزبین، بۆنموونە زۆربەی یەکە ڕیکخراوەکانی ناوچەیی حیزبی ئیشتراکی لە ئەندامە ناوچەیەکان پێکدێت.

کە سەر بە سەندیکای کرێکارانن، وە زۆربەی ئەندامانی حیزب لە بەرپرسانی ئەم سەندیکایانەن، وە پارتی دیموکراتی ئیشتراکی پشتدەبەستێ بە ڕێکخستنەکانی کرێکاران.

تێبینی/ زۆر سوپاس بۆ هاوکاریەکانی ماموستا پەیمان، ماموستا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان.